لەم ژمارەیەدا :
– باری لەش ساخی لە کوردستانی ئێراق
– هەڵەبجەی نەمر
– بڵاوکراوەکانی گەیشتوو .
– لە چڵەی هەڵەبجەی خوێناوی دا .
– یادی ٢٥ ساڵەی شەهید جەمال حەیدەری
– چاپکراوی نوێ
– بە یادی تێکۆشەری کورد شێخ عارفی بەرزەنجی
– مێژووی کوردناسی .
– چەند کورتە هەواڵ .

# سەردەمی نوێ

رۆژنامەیەکی سیاسی - فەرهەنگی کۆمەڵایەتیە

سالی سێیەم ژمارە ٣٠ یوشەمە یولی ١٩٨٨ نرخی ١٠ کرونە

## لە بەر ڕۆشنایی بەرەی کوردستانی

نووسینی : ك. حسامی

سەردەمی نوێ لە ژمارەی رابردوو دا ، بەیاننامەی دامەزرانی بەرەی نەتەوەیی کوردستانی عیراقی بڵاو کردەوە . دامەزرانی ئەو بەرەیە لە کاروانی خەبات و تێکۆشانی سەد ساڵەی گەلی کورد دا ، یەکەم هەنگاوی بە کەلك و بەرۆز و مەنتیقیە ، کە لەلایەن حزبە نیشتمانپەروەرانی کوردستانیەوە هاوێژراوە و وەڵام دەر و پێویستی مێژوویی قۆناخی ئەم رۆی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمانە . بە خۆشیەوە هێزە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات ، پاش ئەزموونی چەند ساڵەی خەبات و قاڵ بوون لە کورەی تێکۆشاندا ، هەستیان بەو پێویستیە مێژووییە کردوە و پاش لێکدانەوە و تێگەیشتنەوەی بارو دۆخی وڵات ، کە پشتوونە ئەم ئەنجامە و بەرەی کوردستانیان پێك هێناوە .

بێگومان دامەزرانی بەرەی کوردستانی عیراقی ، لە لایەن هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و هەموو هێزێکی دیموکرات و پێشکەوتوو خوازەوە ، کە دۆستی میللەتی کورد بێ ، بە گەرمی پێشوازی و پشتیوانی لێ دەکرێ . چونکە تاقیکردنەوەی گەلانی ئازادیخواز و ئەزموونی خەباتی رابردووی گەلی کوردیش ئەم راستیەی دەرخستوە کە بە بێ یەکێتی و خەباتی تێکرایی و هەماهەنگی ، بە بێ سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو و بە کۆمەڵ ، کە لە بەرەیەکی ئەوتۆدا خۆ بنوێنێ ، خەباتی گەلەکەمان سەر ناکەوێ و بە ئامانج ناگات .

بۆ لاپەڕەی ٢

## راگەیاندنی کاک عەزیز محەممەد

سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی عیراق :



دوای کۆششێکی زۆرو وتووێژێکی رێك و راست لە نێوان هەموو پارتە نەتەوەییەکانی کوردستان : پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، پارتی سۆسیالیستی کوردستان ، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد و بە بەشداری پارتی کۆمونیستی عیراق ، جگە لە گفتوگۆی دوو قۆڵی لەو دوو ساڵەی رابردوودا هەر شەش حزب گەیشتنە ئەو بڕوایە کە پێکهێنانی هاوکاریەکی سیاسی بە ناوی بەرەی کوردستانی عیراقی بۆ سەرکردایەتی تێکۆشانی جەماوەری گەل لە کوردستانی عیراق و لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان و ئامانجەکانی گەلی عیراقمان بە تێکڕایی پێویستە .

پارتی ئێمە لە رێ رەوی بزووتنەوەی نیشتمانی - دیموکراتی عیراقی و بە تایبەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا ئەو دەستکەوتە بە رووداوێکی مێژوویی دادەنێ . ئەو پێك هاتنە لەو بارە ناسکەدا کە وڵاتەکەمانی پێدا دەروا چالاکی حزبەکان لە دەورەی ئامانجە هاوبەشیەکان یەك دەخات . باری نیرازێتی و سەر دەوام بوونی شەڕی عیراق و ئێران لە ماوەی ٨ ساڵ داو درێژە پێدانی رەشە کوژی فاشستی دامەزراو بە سەر میللەت و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کە گەیشتۆتە رادەی شەڕێکی شۆڤێنی نانگرای دژی جەماوەری کورد ، تا رادەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و مادەی سیانید دژ بە گەلێکی بێ چەك و بێتاوان .

لەو کاتەدا حیزبی ئێمە بەشداری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کردوە ، لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکی لە رادە بە دەری داوە بۆ یەکگرتنی تێکۆشانی هێزە نیشتمانیە بەرهەڵستکارەکانی عیراقی لە بەرەیەکی فراواندا کە قیتو نەخرێتە سەر هیچ لایەنێکی نیشتمانی لە بزووتنەوەی دیموکراتی و لە نێوان حیزبی ئێمە و بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو بزووتنەوەی ئاینی کەمە نەتەوایەتیەکان .

بۆ لاپەڕەی ١١

## شەڕی عێراق و ئێران و مەسەلەی چارەنووسی گەلی کورد

نووسینی : کوردێکی عیراقی

### سنوورێکی دانەنراوی شلۆق :

مەسەلەی کوردو کوردستان ، سەدان ساڵە ، یەکێکە لە مەسەلە گرنگە چارەسەرنەکراوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە هەر لە دوای دابەشکردنی کوردستانەوە لە بەینی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانیدا ، ناوچەکە بووە بە مەیدانێکی سەرەکیی شەڕی بەینی هەردوولایان . یەکەم پەیمانێکی ئاشکرا بۆ دانانی سنووری بەینی هەردوولایان لە ساڵی ١٦٣٩دا (پەیمانی زەهاب - زەهاو) بووە کە کوردستانی دابەشکردووە لە نێوانیاندا . بەڵام شەڕو شۆڕی بەینیان هەر درێژەی کێشاوە . تاکو لە ساڵی ١٨٢٣دا پەیمانی (ئەرز رۆم)یان مۆر کرد . بەڵام ئەم پەیمانەیش درێژخایەن نەبوو . ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٤٨دا پەیمانی دووەمی (ئەرز رۆم)یان بەست و سنووری بەینی هەردوولایان چەسپ کرد ، کە کوردستانی لەت کرد . بەڵام ئەمیش هەر مایەی کێشمانی بەینی هەردوولایان بوو . تا دوای

بۆ لاپەڕەی ٥

## گازی کیمیاوی و چەند بیروڕا

ئاخافتنی کاک مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ٢٦ / ٣ /١٩٨٨ :

" رژێمی عیراق نەیدەتوانی بەو شێوەیە ئیبادەی گەلی کورد بکا ئەگەر تێکنۆلۆجی غەربی بە تایبەتی لە دروست کردنی چەکی کیمیاوی ، بە پێی معلوماتی ئێمە شەرەکانی ئالمانی غەربی ، ئیتالی ، فەرانسی و هوڵەندی یارمەتی عیراقیان داوە لە دروست کردنی غازات کە ئەمە چەندەها جارە دژی خەڵکی کوردستان بەکار دەهێنێ و هەزارها ژن و منداڵ کوژراوەو بریندار کراوەو سەدها منداڵی ساوا بێ دایك و باب ماونەوە ... ئێستا پاش ئەوەی رژێم هەزارها ژن و منداڵی کوردی شەهید کرد لە هەڵەبجە رۆژی ١٦/٣/١٩٨٨ ناچارین ئەم

بۆ لاپەڕەی ٨

هەواڵنامەی کتێب

پاشماوەی ل ٥

# شەڕی عێراق و ئێران و مەسەلەی چارەنووسی گەلی کورد

بەپێی ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) بڕیار درا دەوڵەتێکی کوردی لەو بەشانەی کوردستاندا دابمەزرێت کە لەژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون). بەڵام ئەم ئاواتە پیرۆزەی گەلی کورد، بە پیلانی وڵاتە ئیمپێریالی و لەبەر بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان و بۆ ڕازیکردنی حکوومەتی تورکیای کەمالی و عێراقی مەلیک فەیسەڵ، بە با چوو و نەهاتە دی و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر چنگالی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، لەنێوان تورکیاو عێراق و سووریەدا، دابەش کراو بەشەکەی تری کوردستان هەر لەژێر چنگالی ئێراندا مایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد، بێ وچان خەباتی کردووە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی. هەرچەندە ئەم دابەشکردنە بەتەواوی چەسپ کرا. بەڵام گەلی کورد لە هەر سێ وڵاتی تورکیاو ئێران و عێراقدا، هەر هەوڵی پێکەوەنانی حکوومەتی تایبەتیی خۆی داوە. هەر بەشەی بە جیا ئەوەیش لە ڕاپەڕین و شۆڕشە پیرۆزەکانیداو لە سەرکەوتن و سەرکوتکردنیاندا. بە درێژایی سەدەی بیستەم ڕەنگیان داوەتەوە. حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید لە کوردستانی عێراق و کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ئێران و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەلی کورد لە تورکیاو هتد.. نموونەی ئەو ڕاستییەن.

بەڵێ، گەلی کورد هەمیشەو بێ وچان تێکۆشاوە لەپێناوی یەکێتی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکوومەتی تایبەتیی خۆیدا. ئەمڕۆ، بەو شێوەیەی کە باسمان کرد، کوردستان لە بەینی ئێران و تورکیاو عێراق و سووریەدا دابەش کراوەو مەسەلەی چارەنووسی گەلی کورد، بووە بە بەشێک لە مەسەلەی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیی ئەم وڵاتانە. مەسەلەی لەناوبردن و ڕووخاندنی ڕژێمە فاشیست و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستەکانی تورکیاو عێراق و ئێران و هێنانەدیی حکوومەتی دیموکراتیی نیشتمانیی ئەوتۆ لەم سێ دەوڵەتەدا کە بە بێ پێچ و پەنا، ڕاستەوخۆ دان بنێت بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورددا بە مافی جیابوونەوەو (دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆ)وە. ئەم مەسەلەیەش، مەسەلەی چارەنووسی گەلی کورد ڕاستەوخۆ، مەسەلەیەکە دژ بە ئیمپریالیزم و دەستگا فاشیستی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستەکان. هەر بۆیە، لە هەرسێ دەوڵەتەکانەوەو لەلایەن ئیمپریالیستەوە، مەسەلەی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەکی دڕندانە پێشێل دەکرێت و بە گرتن و کوشتن و لەناوبردن و وێرانکردن بەرهەڵستیی جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتیی گەلانی تورکیاو عێراق و ئێران دەکرێت و ئەمە حەوت ساڵە شەڕی عێراق و ئێران بۆتە هۆی توندوتیژکردنی ئەو هێرشە نارەوایانە بۆ سەر گەلی کورد لە هەرسێ دەوڵەتەکەداو بۆ سەر هەموو جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازیی گەلانی ئەم وڵاتانە.

## شەڕی عێراق و ئێران لە قازانجی کێیە؟

گومان لەوەدا نییە کە حکوومەتی بەعسی عێراقی ئەم شەڕەی لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا هەڵگیرساندو لە ماوەیەکی کەمدا، لەشکری عێراق ڕووبەیەکی زۆری لە ئێران داگیر کرد. لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا ئەم شەڕە بوو بە هۆی لەناوبردنی سەدان هەزار کوژراو لە هەردوولا، سەدان هەزار بریندارو سەقەت و پەککەوتەو دیل و بوو بە هۆی وێرانکردن و خاپوورکردنی دێهات و شارو بنکەو دەستگاو کارگەو سەرچاوە ئابوورییەکانی هەردوو وڵات و هەموو ناوچەکەو ئەمن و ئاسایشی جیهانیشی خستۆتە مەترسیی شەڕو هەڕەشەلێکردنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە ١٨٠ ملیار دۆلار زەرەرو زیان بە تەنها لە ئەختیتەو ئابووریی عێراق کەوتووە. بێ گومان زەرەری ئێرانیش لە ڕووی مالییەوە لەم ژمارەیە زۆر زیاترە. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، بە هۆی ئەم شەڕەوە خۆی لە ناوچەکەدا قایمتر کردووە. بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر چارەنووسی وڵاتانی هەموو ناوچەکەداو هەموو سەروەت و سامانی ئەم وڵاتانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو ناوچەکە بکاتە بنکەیەکی عەسکەریی مەحکەم و لەگەڵ زایۆنیزم و کۆنەپەرستانی ئەم وڵاتانەدا دەست بخەنە بینی هەموو جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی و لەناوی ببەن. هەروەها لە ئەنجامی شکستی لەشکری عێراقدا، سەددامی گوناهبار، دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. نەک هەر لە ناوچەی شەڕدا، بەڵکو دژی لادێکانی کوردستانیش لە ئێران و عێراق. دژی جووڵانەوەی هێزە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و دژی میللەت و شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق و ئێراندا. ئەوە بوو لە ٣/١٦ی ئەمساڵدا شاری هەڵەبجەی قارەمان و دێهاتەکانی دەوروپشتی بە بۆمبای کیمیاویی غازی خەردەل و سایانایدی کوشندە بۆردومان کرد کە دەستبەجێ زیاتر لە پێنج هەزار ژن و منداڵ و بێ تاوانی ئەو ناوچەیەی قەلاچۆ کردو ئەوەندەش زیاتر برینداری خستەوە. ئەم بۆردومانکردنەش هەر بەردەوامە دژ بە یاسای بەپێی دەوڵەتانی "جنێڤ"ی ١٩٢٥. ئەمە سەرەڕای بۆردومانکردنی شاران و بنکەی ئابووریو نوقومکردنی پاپۆڕی ئەوتکێش لە کەنداوی فارسیدا هتد..

هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق و ئێران لەلایەن ڕژێمی فاشستی عێراقەوەو بە پیرۆزبایی لێکردن و لایەنگرتنی، لەلایەن ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستانی ناوچەکەوە هەر لە بنچینەدا ئەنجامی درێژەپێدانی سیاسەتی ڕژێمی عێراقە دژ بە گەلی عێراق و بە جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و دژ بە گەلی کوردو هەموو جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلانی ئێران و عەرەب و هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتییەکانیان و دژ بە هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتی و سۆسیالیستەکانە لە جیهانداو تەنها لە قازانجی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکەیە. لەلایەکی تریشەوە، بوو بە هۆی زیادبوونی دەوری تورکیەی فاشستی، کە ئەندامی پەیمانی "ناتۆ"یەو بووژاندنەوەی ئیارە کۆنەکانی و هەوڵدانی بۆ دەستخستنە ناو کاروباری وڵاتانی ناوچەکەو بکرە، داگیرکردنی ئەو بەشانەی، کە بە موڵکی خۆیی دەزانێت، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا.

خۆ ئەو زەرەرەی کە لە عێراق کەوتووە، لە ڕووی چەک و جبەخانەوە، کە لە دەیان ملیار دۆلار زیاترە، بخرێتە سەر ئەو زەرەرو زیانەی کە لە سامانی گەلی عێراق کەوتووە، کە بەرهەمی

بۆ لاپەڕی ٨

## چاپکراوی نوێ

# کوردەکان لە تورکیا و بێمافی و تیرۆر

لە مانگەکانی ئاخری سالی ١٩٨٧ لە سوفیا پێتەختی کۆماری بولغارستان کتێبێك بە قەلەمی " رادی کریستێف : دیپلوماتی پێشوی بولغاری لە ژێر ناو و نیشانی " کوردەکان لە تورکیا بێ ماف و تیرۆر " بلاو کرایەوە . کتێبی ناو براو لە پێشەکی و چوار فەسل وکۆتایی و بیبلوگرافی و سەرچاوەکان پێك هاتووە لە بەرگێکی جوان و سەد و دوازدە لاپەرەدا کەوتۆتە بازارەوە .

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا کە بۆ باسی رەگەزی کوردەکان و مێژوو جیۆگرافی کوردستان و بە تایبەت کوردستانی تورکیا تەرخان کراوە دەنووسی : " دواکەوتویی دروست بوونی میللەتی تورك (کۆتایی سەدەی پازدەو نیوەی یەکەمی سەدەی شازدە) وە پلەی نزمی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتوری تورکەکان تا سەدەی نوزدە لە چاو میللەتانی دیکەی ژێر دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی ، لەوانە نەتەوەی کوردیش، بوو بە هۆی ئەوە کە تورکەکان زۆر بە تەنگە بەری و بە کەمی کار بکەنە سەر کوردەکان . بەلام بە هۆی زولم و زۆری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کوردەکان لە لایەن تورکەوە ، نێوان دووری ئەو دوو میللەتە قوڵ تر بوو " .

**فەسلی یەکەم : " کوردەکان و سەرکوت کردنی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد "** نووسەر لەو دوو فەسلەدا بە قوڵی دێتە سەر باسی هەولدان و گەشەکردنی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە سەدەی نوزدەوە تا ئێستا لە کوردستانی تورکیاو دەنووسێ :

" لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەل پێشکەوتنی پەیوەندی بەرهەمی سەرمایەداری لە ئیمپراتۆری عوسمانی دا ، جولانەوەی رزگاریخوازی کوردیش پێش دەکەوی و پەرە دەستێنێ . ناسیونالیزمی کورد دەست بە بوژانەوە هەلدان دەکات. نووسەر دێتە سەر باسی مێژووی دروست بوونی ئیمارەتەکان و راپەرین و شۆرشەکانی کورد لە سەدەی نوزدە و دەنووسی : " دوا ئیمارەتی بۆتان سالی ١٩٤٧ رووخاو لە هەمان کاتەوەش گیرو گرفتی کورد سەری هەلدا . لە سالەکانی ٨٠ ی سەدەی ١٩ جولانەوەی رزگاریخوازی کورد سروشتی کوردایەتی گشتی وەرگرتوو پروگرامی جولانەوە داوای رزگاری هەمووکوردەکان و یەکگرتنەوەیانی دەکرد لەنێو دەولەتێکی سەربەخۆی کوردی دا .

پاشان نووسەر دێتە سەر باسی سیاسەتی بورژوازی تورك ( لاوانی تورك ) و دەنووسی : ئەم جار بەرامبەر بە کوردەکان دوژمنێکی تازەی سیاسی هاتۆتە مەیدان،ئەویش بورژوازی سەرکەوتووی تورکە . بۆتە کۆسپ و تەگەرە لە رێگای چەسپاندنی نەتەوایەتی کورد دا. پاش سەرکەوتنی شورشی بورژوازی سالی ١٩٠٨ ، رەوەشت و سیاسەتی لاوانی تورك بریتی بوو لە بێ بەش کردنی کوردەکان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی .

نووسەر باسی راپەرینەکانی کوردو سەرکوت کردنیان دەکا ، کە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەدا سەریان هەلدا و دەنووسێ : " سیاسەتی کەمالیەکان لە ئاست جولانەوەی رزگاریخوازی کورد ، راست درێژەپێدانی سیاسەتی - لاوانی تورك بوو" .

نووسەر پەنجە بۆ هاوکاری کوردەکان درێژ دەکا ، کە لە سەرەتای جولانەوەو شورشی کەمالیەکان دا کردوویانە و پاشان هەموو مافێکی سەرەتایی کوردەکانیان خستۆتە ژێر پێ . گەلێك بەلگەو دوکومێنت نیشان دەدا ، کە کەمالیستەکان سیاسەتی بە تورك کردنی کوردەکان و نەهێشتنی شوێنەواری نەتەوایەتی کوردیان بە کار هێناوە .

پاشان نووسەر لەسەرو بەندی شەری دووهەمی جیهانی دا ، باسی باری ژیانی کوردستانی تورکیا دەکات کە بە جارێك کراوەتە بنکەی لەشکری و لە ٥٠ لەشکری تورك بیست و شەش لەشکری لە کوردستان راگیراوە و بۆتە کۆسپی سەر رێگای پێشکەوتنی جولانەوەی نەتەوایەتیی کورد و هەموو دیاردەو شوێنەواری کوردی یان کوێر کردۆتەوە سیاسەتی بەکارهێنراو لەو سالانەدا راست باری زینوسیدی هەبووە و لە ئەنجام دا بۆتە هۆی کەم کردنەوە و فەوتانی خەلك لە ناوچەکانی کوردستان دا .

نووسەر لە فەسلی دووەم دا، دێتە سەر باسی مەسەلەی کورد پاش شەری دووەمی جیهانی و گۆرانی باری ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەلگای کوردستانی تورکیاو رووداوەکانی دوای شەری دووەمی جیهانیودەنووسی : " ناسیونالیزمی کورد لە جێگای سروشت و نفوزی جارانی فیودالی ، سروشتی بورژوازی بچووك بە خۆیەوە دەگرێ . دەوری روشنبیرانی کورد لەم قوناخەدا روون دەکاتەوەو دێتە سەر باسی سیاسەتی ناو گۆرینی شار و گوندەکانی کوردستانی تورکیا و قەدەغە کردنی ناو لێنانی کوردی بۆ مندالانی کورد و ئەو فەرمان و تەکبیرو یاسایانە کە فەرمان رەواکانی تورك بۆ تواندنەوەی میللەتی کورد بەکاریان دەهێنن .

لە فەسلی سێ یەم دا نووسەر دێتە سەر باسی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە نێوان کودیتای سالی ١٩٦٠ و ١٩٨٠ دا .

لەم فەسلەدا . بە کورتی سیاسەتی پارت و ریکخراوە چەپەکانی تورکیا لە بارەی مەسەلەی کوردەوە هەلدەسەنگێنی و باسی پارت و ریکخراوە کوردیەکان دەکا لە کوردستانی تورکیا و دێتە سەر باسی هاوکاری ئەمریکاو تورکیا لە سیاسەتی بەربەرەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد و دەنووسی : " سالی ١٩٧٩ ئەمریکا سرنجی حکومەتی تورکیا رادەکێشێ کە کوردەکان لە ئیران خەریکن ئوتونومی وەدەست بێنن. ئەوە دەبێتە هۆی دەنگدانەوە لە ولاتە دراوسێکان و لە تورکیاش. ئەمەش پێویستی بە راوێژ کردن هەیە بۆ ئەوەی کە لە تورکیا رێگای ئەوە نەدرێت .




بێجگە لەوە نووسەر دێتە سەر باسی هاوکاری نێوان عیراق و تورکیاو ئیران. بۆ نموونە چاوپێکەوتنی ژەنەرال ئیڤرین و ژەنەرال سەنتیل سالی ١٩٧٨ و سەر لیدانی ئیڤرین و نوێنەری سازمانی ئەمنیەت و هی تر لە بەغدا سالی ١٩٧٩. هەروەها چاوپێکەوتنی نوێنەرانی ئیران و تورکیا سالی ١٩٧٩ لە شاری ورمی . تەواوی ئەو هاتو چۆو چاوپێکەوتنانە بۆ هاوکاری بووە دژی جولانەوەی کورد دەکان.

لە فەسلی چوارەم دا نووسەر بە درێژی هۆیەکانی بنەرەتی کودیتای سالی ١٩٨٠ پیشان دەدا . لەمانە قەیرانی ریژیمی بورژوازی تورکیا لەباری سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی وە . نووسەر بە فاکت و بەلگە نیشانی دەدا کە لە پلانی گشتی ئامادە کردنی کۆدیتادا ، هەنگاوی تایبەتی بۆ بەربەرەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد هاوێژراوە . نووسەر لەم بەشەدا سەرکوت کردنی جولانەوەی کورد و لیدانی هێزە دیموکرات و ریکخراوەکانی کرێکاری و بێ عێتل کردنی شوێنەواری دیموکراسی لە تورکیاو بەندو راو نان و ئیعدامی تێکوشەرانی کورد روون دەکاتەوە.

پەنجە بۆ هاوکاری نێوان عیراق و تورکیا رادەکێشێ کە دژی جولانەوەی کورد پێك هاتووە بۆ ئەم ئامانجە خاکی یەکتریشیان بە کارهێناوە. لە پێوەندی نێوان ئیرانو عیراقو تورکیا دا دەنووسی : " تورکیا ئامادەیە بۆ هاوکاری لەگەل هەموو کەسێك بە هەموو جور بە مەرجێك بۆ بەربەرەکانێ دژی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد بێ

بۆ لاپەری ٩

هەوالنامەی کتێب

پاشماوەی ل ١

## گازی کیمیاوی و چەند بیرورا

ئیعتزارە بدەین بەو دەولەتانە کە میللەتی کورد ئەوانیش بە شەریکی جورم دەزانی لە کوشتنی ژن و منداڵ، داوایان لێ دەکەین ضغط لە عیراق بکەن ئەم جینایەتە دووبارە نەکاتەوە و کۆمەگی پزشکی و فەننی بۆ کوردستان بکەن و شەرەکات و مەعامیلیان کە موادی کیمیاوی لە عیراق (لە قائم و سامراو بادووش) دروست دەکەن سحب بکەنەوە. وەهەر وەها داوا لە خەلکی ئەم وڵاتانەو هەموو جیهان دەکەین ئیدانەی ئەم تاوانە بێ وێنەیە بکەن و ضغط لە حکومەتەکانیان بکەن یارمەتی رێژیمی عیراق نەکەن کە خەریکی ئیبادەی کوردە وەکو میللەتێك مەحوی کاتەوە ...)

گۆڤاری " شتێرن "ی ئاڵمانی ٢٦ی ئابی ١٩٨٧ :

(لە نیسانی ١٩٨٤ ماتیوس کورت ئەندامی پارلەمانی ئاڵمانیای فیدرال لە لایەن پارتی سۆسیال - دیموکراتەوە پەنجەی تاوانی ئاراستە کردوتە کۆمپانیای " کارل کۆلب " کە بە هاوکاری لەگەل کۆمپانیای " پیلوت پلاند " یارمەتی عیراقیان داوە بۆ دامەزراندنی دەزگای پیشەسازی بۆ دروست کردنی گازی ژاراوی ... گۆڤاری ناوبراو بە ژمارە پیشانی داوە کە کارگەی سامرا، مانگی چەند تون گازی خەردەل و گازی سی ٠ اس و گازی سارین و تابن دروست دەکا.

ڕێکخراوی پاراستنی میللەتانی هەرەشە لێکراو :

«کۆمپانیای هانبۆرگ گرووتیر ئینجینیرینگ لە گەل کۆمپانیای " دوویتر ئیفشن سرویس و کارل - کۆلب " بەشداری دروستکردنی چەکی کیمیاوی دەکەن لە عیراق. بە گوێرەی فیلمی پروگرامی دووی تلویزیونی ئاڵمانی رۆژئاواکە لە ١٩٨٨/١/٧ نیشاندراوە، دەر دەکەوێ کە کۆمەڵێك لە کۆمپانیەکانی ئوروپای رۆژئاوا، لە ئیتالیا، فەرانسە، هولەندا، ئاڵمانی رۆژئاوا، سویسرا، سوێد، بەلژیکا بەشداری دروست کردن و رەوانە کردنی ئەو جورە چەکانە دەکەن بۆ عیراق و ئیران.»

کۆمەڵی گەلە هەرەشەلێکراوەکان :

کومەلی گەلە هەرەشە لێکراوەکان:

" لە ئاهەنگی نەورۆزی کوردان لە شاری کولن لە ئاڵمانیای رۆژئاوا ١٩٨٨/٤/٩ کە بۆ یادی کارەساتە دڵتەزینەکەی شارەزوور لە ژێر دروشمی " هەڵەبجە قەت لە بیر ناکرێ " پێك هاتبوو، بەڕێز تیلمان تسیولش سەروکی کۆمەلەی گەلە هەرەشە لێکراوەکان لە وتارێکدا ووتی : " بە داخەوە لە شەری دووهەمی جیهانیدا جولەکە و قەرەچ بە گازی ئاڵمانی قر کران، ئەمرۆش هەر بە گازی ئاڵمانی را کورد قەلا چۆ دەکرێن."

رۆژنامەی رێبازی نوێ ئۆرگانی یەکێتی ئیشتمانی کوردستان ژمارە ٣ ـ ئەمارت و نیسانی ١٩٨٨ :

" هەموو کوردێك هە یە بپرسێ: ئەگەر ئائێستا گەلی کورد سوڤیەتی بە پشتیوانی خۆی و گەلانی رزگار - یخواز دەناسی، ئەی ئەبێ لە مەودوا چۆنی تێ بروانێ. بە تایبەتی لە کاتێکا شارێکی ٧٠ هەزار کەسی وەك هەڵەبجە بەر ئەو بۆمبە کیمیاویانە ئەدرێت کە ٣٠ پسپۆری یەکێتی سوڤیەت شان بە شانی بە عەعەفلەقیەکان لە کارگەکانی دروست کردنی چەکی کیمیاوی قائم وعەکاشات و سامەرا کاردەکەن. "

رێبازی نوێ لە لاپەرەی ٦ ناوی ٣٠ پسپۆری سوڤیەتی بلاو کردوتەوە کە گویا لە عیراق چەکی کیمیاوی دروست دەکەن.

★

پاشماوەی ل ٦

## شەری عێراق و ئێران و

رەنجی ساڵەهای پەوەکانی بووە. ئەوا هەر لە ژمارە نایەت. ٣٦،٥ ملیار دۆلار پاشەکەوتی عیراق بوو لە ساڵی ١٩٨٠دا بەلام ئێستا زیاتر لە ٨٥ ملیار دۆلار بووە بە ژێر قەرزەوە. بێ گومان ئێرانیش وەزعی لەمە باشتر نیە. کەچی ئیمپریالیستەکان بە هۆی ئەم شەرەوە. بە تایبەتی (سیکەنە)ی چەکی دەستەودایەرەی (ئابووری شەر) لە کەرو خولدایەو قازانجیان بە دەیەها ملیار دەژمێرێت. لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گەلی عیراق و ئێران و گەلانی ناوچەکە.

بە گشتی، تەنها ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان و حکوومەتە فاشست و دیکتاتۆرییەکانی ئەم ناوچەیە قازانج و سوودیان لەم شەرە دەست کەوتووە و بۆیە بەردەوامن بۆ سازکردنی زەمینەی خۆشەکردنی ئاگری شەرەکەو پەرەپێدانی. نەك کوژاندنەوەی. وەکو بە درۆ پالوزەی بۆ لێ دەدەن، لە لایەکی تریشەوە، ئەم شەرە بووە بە بیانوویەك بە دەست کاربەدەستانی عیراق و ئێرانەوە. بۆ زیاتر تیژوتوندکردنی داپلۆسین و سەرکوت کردنی جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازیی گەلانی عیراق و ئێران بە گشتی و دژی جوولانەوەی ئازادی و نیشتمانی و دیموکراتیی گەلی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی. وە رۆژ بە رۆژ، درێژەپێدانی شەرەکە، کوشتن و برین و کاولکردنی زیاتری بەدەمەوەیە بۆ گەلانی هەردوو وڵاتەکە. لە هەموو روویەکەوە.

پاشماوەی ئەم وتارە لە ژمارەی داهاتوودا بخوێنەوە

★

پاشماوەی ل ٢

## لە چلەی هەڵەبجەی خوێناوی دا

لە کاتێکدا یادی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ئەکەینەوە و وێنەی منداڵان و خەلکی بێ تاوانی گەلەکەمان دێتە پێش چاو کە بوون بە قوچی قوربانی و دیاری نەورۆزی ئەم ساڵمان، تاسە لە گەروودا پەنگ ئەخوا تەوە و کینە و تووڕەییمان بەرز ئەکاتەوە و تەواوی کارەساتە دڵتەزێنەکانی رابردوومان دێنێتەوە بەر چاو کە لە سایەی سیاسەتی جەوتی رابەرایەتی نێو بزووتنەوەی هاتوە بەسەر گەلە چەوساوەکەماندا.

ئەی جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمان، لە هەر کوێ یەکدا هە ن:

با کارەساتە جەرگبڕەکەی هەڵەبجە بکەین بە هاندەرێکی کاریگەر بۆ تیژکردنی خەباتی نەتەوایەتیمان لە سەر بناغەی چینایەتی چەوساوەکانی گەلەکامان دژی رژێمە فاشیزم و رەگەز پەرستەکەی صدامی خوێن رێژ و تەواوی دوژمنانی گەلەکەمان.

...... ئەگەر بەراستی ئەمانەوێ رژێمە بوگەن و کورد کوژەکەی صدام گۆڕ بکرێت و دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا بچەسپێت، گەلی کوردمانیش بە مافی چارە نووسی خوی بگات، ئەو ئاواتە لە رێگای راگرتنی ئەو شەرەچەپەلە و بەکخستنی خەباتی تەواوی گەلانی وڵاتەکەمان دێتە کایەوە. نەك پشت بەستن بە رژێمە کۆنە پەرستەکەی ئیسلامی ئیران و خەوی خۆش بینین بەو شەرەوە. با بە یەك دەنگ لە گەل تەواوی گەلانی عیراق و ئیراندا دژی ئەو شەرە بێ راوەستین و با بلێین نەنگ و نەفرەت و سەر شۆڕی بۆ ئەو هێزانەی ئەبن بە نوکەری رژێمە کۆنە پەرستەکانی داگیرکەر لە کوردستاندا و ئەبن بە هۆی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە.

بروخێ رژێمە کۆنە پەرست و فاشیەکەی بەعسی عیراق و رژێمی ئیسلامی ئیران، مردن بۆ دار و دەستە بە کرێگیراوەکانیان. سەر کەوتوو بێت خەباتی گەلانی عیراق و ئیران

سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی چەوساوەکانی گەلی کوردستان.

★

ئێ بینی :

گێرانەوەی نووسراوەی چاپەمەنی جۆر بەجۆری جیهان لە بارەی کوردستان و رووداوەکانی نێو جولانەوەی رزگاریخوازی کورد بەو مانایە نیە کە نێوەروکی نووسراوەکان لەگەل بۆ چوون و بیر و باوەری دەستەی نووسەران یەك دەگرێتەوە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە خوێنەرانی بەڕێز لە بۆ چوون و بیرو رای حیزب و ڕێکخراوەکانی جۆر بە جۆر لە بارەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئاگادار بکەین. " سەردەمی نوێ "

## بە یادی نووسەر و تێکۆشەری کورد شێخ مارفی بەرزەنجی



۲۵ ساڵ بە سەر شەهید بوونی نووسەر وتێکۆشەری کورد شێخ مارفی بەرزنجیی
۱۹۲۱    ۱۹۶۳

بەو بۆنەیەوە ،ئەو پارچە هەڵبەستەی شاعیر بلاودەکەینەوە کە لە زینداندا ،نووسراوە :

### شێتە ژیرەکەی نەوەی فەرهاد

بە دەرزی بیر هەڵئەکەنێ
ئەڵێن شێتە
هەمیشە هەر پێدە کەنێ
ووردە ووردە هەڵدە کەنێ
خۆڵ و زیخ و بەرد دەردەدا
پشوو نادا
جارێ کەس یاریدەی نادا
بەلام لە نەوەی فەرهادە
هەر چەند دیکەمان بێ ئاوە
خەڵك داماوە
دەڵێن بیر قوڵنگەی ئەوێ
وەستای وەك فەرهادی دەوێ
جاران وابوو
بەلام دەرزی دەرزی نی یە
شتیکە تەلیسماوی یە
چەند باریکە
ئەوەندە تیژ و قەوی‌یە
تا شێتە کاری پێ دەکا
ئەستور دەبێ
بەکار دەبێ
شێتە ش هەروا پێ دەکەنێ و
هەڵ دەکەنێ
سەیری ئەم لاو ئەولا ناکا
هەر کار دەکا
شەو و رۆژ و مانگ و ساڵ
وەکو عەودال
خەریکی بیرە بێ ووچان
بە گەرما و سەرما و بە تۆفان
ناڵێ هاوار ، ناڵێ ئامان

× × ×

دێ کە کوێراوێکیان هەیە
بیریان نی یە
هەر ئەوەندە بکەونە کار
هەوڵدەن بۆ چار
تا ئاوێکی فراوان و رەوانیان بێ
بەراوێکی پڕاویان بێ
هەر لە دەرزی قوڵنگ دەکەن
بۆ بیرەکە بیرێك دەکەن ٠

× + ×

چەرخ سوورا وا هاوین دا هات
ئاوی بارانا و دوایی هات
ئەوسا خەڵکی کەوتنە هاوار
هاوار بۆ چار
بۆ چۆرێ ئاو
کوێرایی دا هاتە سەر چاو
کوێراوەکەش ووشکە ووشکە
ئێستە لانەی مارو مشکە
کوا دوعایە کوا دەرمانێ
نە باران نە دوعا و دەرمان
هیچیان ناکەن بە فریاتان
شێتەی خاوەن بیرە کوانێ
ئا خۆ جی کرد؟
بە شێتی خوی جی بۆمان کرد
ئاوی بۆ دێکە پەیدا کرد
نەخێر بیرەکە بیریکە
هی شێت نی یە هی ژیرێکە
بۆ ئاوێکی ڕەوان و جوان
بۆ هەموومان
با هەموومان
وەك ئەو شێتە ژیرەی خومان
دەست کەین بە هەوڵ و تێکوشان
بە بێ ووچان
بیرە کەمان دەگا بە ئاو
زەوییە کانمان دەبنە بەراو
کوێر نابێ چاو بۆ چۆرێ ئاو
ئەوسا یەکەرێکی جوان
بو شێتە ژیرەکەی خومان
لە سەر بیرە سەرچاوەکە
بە ئازووی فەرهاد بنەوە
بە جەکی ئاسنینەوە
بە روویەکی بێ کینەوە
پەنجە ئاراستەی بیر دەکا
بە بزەی پێکە نینەوە ٠
( ۱۱/ ۱ /۱۹٦۲ - بەغدا
سەوقیفی عام )

ئەم شیعرە لە گۆڤاری " گزنگ " ی ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٨٥ ی ئۆرگانی ( یەکێتی نووسەرانی کوردستان - لقی کەرکوك) وەرگیراوە ٠

### " هاو نیشتمانانی بەرێز "

سەردەمی نوێ تاقە رۆژنامەیەکی کوردی یە کە لە دەرەوەی کوردستان بە هاوکاری و یارمەتی ئێوەی نیشتمانپەروەری دورە ولات پێی ناوەتە سێ ساڵەی تێکۆشانی و لەو ماوەیە دا بە رێك و پێکی بلاو بۆتەوەو گەیوەتە دەستی خوێنەرانی بەرێز ٠

لەم رێگایەدا تووشی گەلێك تەنگ و چەڵەمەی ماڵی بوە و کەوتۆتە بەر پەلاماری ناسەردانەی کۆنە پەرستی و بۆتە ترکی چاوی دووژمنانی گەلەکەمان و ناحەزانی رێبازی دیموکراسی و ئازادی بەختەوەری زەحمەتکێشانی کورد ٠

بەلام لەسەر ئەوەشەوە کۆڵی نەداوە و لە هەموو دەرفەتێکدا ئەرکی خۆی لە بارەی تێکۆشان بۆ یەکێتی و هاوکاری هێزە دیموکرات و شۆرشگێرەکانی کورد بەجێ گەیاندوە ٠ جنایەتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی لە قاو داوە ٠ لاپەرەکانی بۆ بلاو کردنەوەی بیرو باوەری پێشکەوتنخوازانەی دژی ئیمپریالیستی تەرخان کردوە ٠ بە گوێرەی توانا قەڵەمی نووسەرانی بۆ پاراوی زمان و ئەدەبی کوردی بە کار هاتوە ، یادی رووداوە مێژوویی و بەرۆژەکانی کوردستانی زیندوو راگرتوە ٠

دیارە رۆژنامەیەکی ئاوا تەنیا بە یارمەتی ئێوەی نیشتمانپەروەر دەتوانێ لە سەر تێکۆشانی خۆی بەردەوام بێ ٠ بەم بۆنەوە سەردەمی نوێ چاوەروانی یارمەتی و هاوکاری پتری ئێوەیەو هیواداره بە یارمەتی ئێوە خەباتی خۆی هەر بەو رێبازەدا درێژە پێ بدا ٠

" سەردەمی نوێ "

بۆ ئاگاداری ئابوونەی سالانەی سەردەمی نوێ بەم جۆرە یە :

| | |
|---|---|
| ولاتانی سکاندیناوی | ۱۲۰ کرۆنی سویدی یە |
| ئورووپا | ٥٠ مارکی ئالمانی رۆژئاوایە |
| ئەمریکا | ۳۰ دۆلاری ئەمریکی یە |

پاشماوەی ل ٧

### جابەراوی نوێ

کتێبی رادی کریستیف سەبارەت بە لێکولینەوەی مێژوی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا نرخی تەواوی هەیەو بەرهەمێکی تازەو دەولەمەندە ٠ بەلام هەر لەو کاتەشدا دیارە بێ کەم و کوری نیە هەر چەند نووسەر گەلێك فاکتی سیاسی و مێژوویی نیشان داون و هەنگاریکی ئازایانەو بەنرخی هەڵناوە ٠

ئێمە هیواداریـن نووسەری بەرێز لێکولینەوەی خۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان درێژە پێ بدات ٠

( لە ئامادە کردنی باوکی ئاری )

هەواڵنامەی کتێب

پاشماوەی ل ١٢

# مێژووی کوردناسی

بەشی یەکەم ، بەرگی دووهەم بەغدا ، ١٩٧٤ لاپەڕەی ٦٢٢ ـ ٦٥١ ٠

٢ـ ئی ٠ ئا ٠ ئۆربێلی و کوردناسی ٠ گوڤاری کۆڕی زانیاری کورد ٠ بەشی یەکەمی بەگی سێیەم ٠ بەغدا ١٩٧٥ لاپەڕەی ١١٣ـ ١٣٧

٣ـ هێندێك بیرو باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە وەرگێڕانی د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ٠ بەغدا ١٩٧٣ ٠ ئەم کتێبە ئەو وتارانەی خوارەوەی تێدا بلاو کراونەوە :

ـ شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بورژوازی فارسدا ٠

ـ رەخنە لە بیرو باوەڕی هەڵە لە بارەی زمانی کوردیەوە ٠

ـ چەند تێبینیەك لەسەر کتێبەکەی فیلیچیڤسکی ٠

ـ سەرنجێك لە نووسراوەکەی ئاکوپۆڤ ، رەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی کورد ٠

٤ـ کۆمەلە تێکستی فۆلکلوری کوردی ـ قەناتی کوردۆ هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی و ساغ کردنەوەو وشە لێکدانەوە **شوکر مستەفاو ئەنوەر قادر ـ محەمەد ٠ بەغدا** ١٩٧٦٠

ئەوەی شایانی باس بێت دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارف لە نامیلکەی " چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نووسراوە " بەغدا ١٩٧٤ ، **پەنجەی** بۆ زۆربەی ئەو وتارانە راکیشاوە کە لە بارەی زمانی کوردی لە رووسیاو یەکیتی سوڤیەت نووسراون ٠ ئەو نامیلکەیە هەمان زانیاری دوویات دەکەنەوە کە لە پێشەکی بەشی یەکەمی کارەکەی ماموستا کوردۆدا هاتوە ٠ بۆیە ئێمە ئەو بەشەی نووسینەکەی ماموستا کوردۆش وەرناگێڕینە سەر زمانی کوردی چونکە خوێنەری کورد پێی ئاشنایە ٠ هەر وەها هێندی زانیاری تریش کە لە بەشی دووهەمی دەست نووسەکەی ماموستا کوردۆ دا هاتوە لە بناخەدا لەگەڵ ئەو زانیارانە یەك دەگرنەوە کە لە وتارەکەی دوکتور ئەو رەحمانی حاجی مارف دا هاتوە لە ژێر سەردێڕی: " لە بارەی کوردناسیەوە لە رووسیاو یەکیتی سوڤیەت " بەغدا ١٩٧٤ گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ٠ بەرگی دووهەم بەشی یەکەم٠

بەلام ئەوەی شایانی باسە ، وتارەکەی دوکتور ئەو رەحمان باسی کوردناسی سوڤیەت دەگەیەنیتە سەرەتای سالی ١٩٦٩ ، لە کاتیکا ماموستا کوردۆ تا سالی ١٩٨٣ ی هێناوە ٠

* وەرگێر *

__پێشەکی :__

ئەم کارە بەر کوڵی چەندان سال لێکۆلینەوەی منە لە بارەی مێژوی کورد ناسیێ رووسی و سۆڤیتی ٠

یەکەم ـ مشتێ دەنگ و باسی ئەو مەسەلەیەم لە چەند وتاریکدا بە زمانی رووسی و کوردی بلاو کردوتەوە ٠ بە تایبەتی کورتەی ئەو دەنگ و باسەی نووسینەوەی رێزمانی کوردی و مێژوی وشە ( لیکسێ گرافیە ) لە پێشەکی رێزمانی زمانی کوردیەکەی خۆم دا سالی ١٩٥٧ ـ ١٩٧٨ دا بلاو کردوتەوە ٠ هەروەها لە پێشەکی فەرهەنگی کوردی ـ رووسی سالی ١٩٦٠ هاتۆتە بلاو کردنەوە ، لە وتاری " لە بارەی مێژوی لیکسیکۆگرافیای کوردی ـ یش کە لە گۆڤاری روناهی ژمارە ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ی سالی ١٩٦١ بەغدا بە زمانی کوردی بلاو کراوە تەوە٠

باسێکی خستی مێژوی لێکۆلینەوەی فولکلورو ئەدەبی کوردی لە کتێبی " تێکستی فولکلوری کوردی کرمانجی " دا کە لە سالی ١٩٧٦ لە بەغدا بە کوردی چاپکراوە ، لە وتاری " لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی لە عیراقدا ، لە گوڤاری گەلانی ئاسیاو ئەفریقا بە زمانی رووسی لە موسکۆ ١٩٧٦ ٠

هەر وەها لێکۆلینەوەی تەواوی مەسەلەی مێژوی کوردناسی لەو وتارانەی خوارەوەدا تیشکیان خراوەتە سەر : بەرەو پێش چوونی کوردناسی سوڤیەتی لە پەراوکەی زانستی ئاموزگای رۆژهەلاتناسی جەلدی ٣٥ ، ١٩٥٥ ، کورد ناسی لە لینینگراد ی ـ گوڤاری روناهی ژمارەکانی ٥ و ٦ " بەغدا ١٩٦١ ٠ وتاریك لە کتێبی لەبارەی فیلۆلۆژی ، مێژوو ئیتنوگرافی کورد( رۆژنامەی رێ یا تازە، ١٩٦٣ ـ ئیرەوان ) پێشکەوتنی کوردناسی لە لینینگراد ( رۆژنامەی رێیا تازە ١٩٦٨/٧/٣)٠ کوردناسی لە کۆمەلە بەرهەمی موزەخانەی ئاسیا (مۆسکۆ ١٩٧٢ )٠ شێست سالەی شورشی ئوکتوبر و کوردناسی ( رۆژنامەی رێیا ـ تازە ژمارەی ٦٨ ئیپرەقان ) راگەیاندنی کورتەی ناوەرۆکی کارەکانی دیارترین و مەزن ترین زاناکانی رووسی و سوڤیەتی لە بارەی کورد ،هەر ـ وەها زانیاری لە بارەی دلگیرترین کارەکانی ٠ ژمارەیەك لە کوردناسان لە سەر مێژو و کولتوری میلەتی کورد لە هێندی وتارەکانم دا رەنگیان داوەتەوە ٠ لەو وتارانەی لە ولاتی ئێمە یا خود لە عیراق بلاو کراونەتەوە ٠

ئەو کارەی ئێستام رەنگدانەوەی کاکلەی ئەو لێکۆلینەوانەیە لەبارەی بەرەو پێش چوونی گرینگترین لایەن و رێبازەکانی کوردناسی لە ولاتی ئێمەدا ٠ لەم کارەدا چوارچیوەی لیکولینەوەکان فرەوانترو تێرو تەسەل تر کراون لەوەی لە وتارەکانی دەست نیشانکراودا لە بارەی ریبازی کورد ناسی و جۆرەکانی قوناخی مێژویی ٠

ئەم کارە بریتیە لە دوو بەشی گەورە : " کورد ناسی تا شۆرشی ئۆکتوبر " و " کوردناسی دوای شۆرشی ئۆکتوبر " ٠

ئەم کارە لە ١٦ فەسل پێك هاتوە بە پێی سەر دێرەکان ٠ لەبەشی یەکەم دا رووناکی خراوەتە سەر لیکولینەوەی مێژوی زمان و مێژوو ئیتنوگرافی کورد و جوغرافیای کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی نوزدە ، تا چوار یەکی هەوەلی سەدەی بیستەمەوە٠

لە بەشی دووهەمدا مێژووی سەرهەلدان و بەرەو پێش چوونی کورد ـ ناسی لە لێنینگراد ، مۆسکۆ ، یەرەوان و باکۆ دوای شۆرشی ئوکتوبر تا رۆژی ئەورۆ ٠

لەم کارەدا نێوەرۆکی کارەکانی هێندی لە زاناکانی رووسی دەخەینە بەرچاو کە لە پێش شۆرشی ئۆکتوبر لە سەر کوردیان نووسیوە٠ لەسەرەتادا کارەکانی: **ئا ٠ ئەبوڤیان ، ئەلیکساندر ژابا ، پیتر لیرخ ، یگیزاروڤا ، ن ٠ یا ٠ مار، یوسف ئۆر بلی ، ف ٠ ئا ٠ گەردەلێڤسکی و ٠٠٠ هتد٠**

کاری ئەو زانا گەورانە کە بناخەی ماددی و زانستی پێشکەوتنی کورد ناسی سوڤیەتیان دارشتوە ، دەگەرێتەوە نیوەی دووهەمی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ٠ لە رۆژی ئێستادا ئەوکارانە سەرچاوەی کەم وێنەن ٠ پێشکەش کردنی نێوەرۆکی ئەوکارە بنچینەییانە بە پێویست و سوود بەخش دەزانم ٠ هەروەها بە باشم زانی نێوەرۆکی فراوانی هێندی لە کارەکانی زانایانی سوڤیەت لە بارەی کوردەوە کە بە ئەرمەنی وکوردی و ئازەری نوو سراون بخەمە چوارچێوەی ئەو کارەمەوە٠

ئەو کارانەی کە هی کوردناسانی یەریڤانن : ( **ئەمینی ئەودال،حاجی جندی ، ئاموێ محەمودوڤ ، کارلێنی چاچان ٠٠٠ هتد٠**) کوردناسانی باکۆ : ( **عطی ئانوڤ ، عسکەروڤ ، رەحیمی قازی ، کمال مەزهەر ، عطی کەلاویژ و ٠٠ هتد )٠**

کارەکانی ئەوزانایانە بۆ خوێندەواران زۆر ئاشکرا نین ، لەبەر ئەوەی بەو زمانانە نووسراون کە لە سەرەوە باسم کردن ٠ بۆیە نێوەرۆکێکی خەستی ئەو نووسینانە بە زمانی رووسی پێویستە ٠

لە کارەکەی خۆمدا بە چاوێکی رەخنە گرانە تەماشای هێندی لەو کارانەی زانایانی رووس و سوڤیەتی م کردوە ٠ لە پێش هەموویان کارەکانی : ( ن ٠ یا ٠ مار ، ئۆ ٠ ل ٠ **ڤیلیچیڤسکی، ف ٠ ف ٠ میللەر، گ ٠ ب ٠ ئاکوپۆڤو** هێندیکی تر لە سەر مێژوورەچەلەکی کوردو زمانی کوردی

←

کتێبی «سەردەمی نوێ»

# مێژووی کوردناسی

نووسینی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: جەمشیدی حەیدەری

لە پاییزی ١٩٨٤ دووا جار چاوم بە ماموستا قەناتی کوردۆ کەوت. لە بارەی زۆر مەسەلەی پێوەندی هەبێ بە کورد و کوردستان و کورد-ناسییەوە دووایین. ماموستا ئاگاداری کردم کە لە ماوەی ئەو بیست سالەی دووایییدا، ژمارەیەکی زۆر لێکولینەوەی جۆربە جۆری ئامادە کردوە، بەلام چاوە ڕێ نۆرەی چاپکردن دەکەن. هێندێکیان نیزیکەی ١٠ سالە نۆرەی چاپکردنیان نەهاتوە. لەوانەشە چەندان سالی تر هەروا بمێننەوە. ماموستا زۆر سپاسی ئەو شاگردانەی خۆی کرد کە بە پێی توانا هێندێک لە نوسینەکانی ماموستایان لە دەرەوەی ولات (واتە لە دەرەوەی سوڤیەت) چاپکردوە. یا خود وەریانگێڕاوەتە سەر کوردی و بلاویان کردوتەوە. هەروەها ماموستا پەنجەی بۆ هێندی گوڤارو رۆژنامەو دەزگای کوردە ئاوارەکانی ئوروپا درێژ کرد کە داوای دەست نووسی کارەکانیان کردوە بۆ چاپکردن. منیش بە پێی ئەوەی شاگردێکی ماموستا بووم، هەر وەها بە ئەرکێکی پیرۆزم زانی گەر بتوانم لەو بارەیەوە، نەک تەنیا لەبەرخاتری ماموستا کوردۆ، بەلکو لەبەر گرینگی ئەو لێکولینەوانە سەبارەت بە مێژووی کولتوری نەتەوایەتیمان، بیشیارم کرد کە دەست نووسی یەکێک لەو کارانەم پێ ببەخشی و منیش لە دەرفەتێکدا وەری گێڕمە سەر زمانی کوردی و بلاوی بکەمەوە. ماموستا ئاگاداری کردم لە حوزەیرانی ئەو سالەدا دراوەتە ئەنجومەنی زانستی ئاموزگای رۆژهەلات ناسی لێنینگرادو ئامادەیە بۆ چاپ. بەلام رەش نووسی ئەو کارەی لا ماوە کە بریتییە لە ٥٠٠ لاپەرەی ماشین کراو. منیش کە زانیم ئەو کارەی ماموستا لەبارەی مێژووی کوردناسی رووسیاو یەکیتی سوڤیەتە، زۆر بە گورجی قۆستمەوە. سالێک بەسەر ئەو چاو پێکەوتنە تێ نەپەڕیّ کە ماموستا بە یەکجاری چاوی لێکدنا.

منیش کە چاوم بە دەست نووسەکەی ماموستادا گێڕا ویستم دەست نووسەکە وەرگێڕم، تەماشام کرد زۆربەی بەشی یەکەمی ج بە وتار یا خود کتێب لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی عیراقدا بلاوکراونەوە. بەلام بەشی دووهەمی هێندی فەسلی بەشی یەکەم لە لایەن خوێنەرانی کورد ئاشکرا نیە. بۆیە بریارم دا لەو پێشەکییەدا پەنجە بۆ ئەو وتارانە رابکێشم کە بە کوردی بلاو کراونەوە. ئەوسا بەشەکانی تر بە زنجیرە لە لاپەرەکانی سەردەمی نوێ دا بلاو بکەمەوە.

لێستەی ئەو وتارانەی کە زۆربەی بەشی یەکەمی لێکولینەوەکەی ماموستا دەگرنەوەو بە زمانی کوردی بلاو کراونەوە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی سەردەمی نوێ و سەرنجیان بۆ ئەوە رادەکێشین کە ئەو بەشانەی تر کە لەسەر دەمدا دێنە بلاو کردنەوە، سەرجەمی کارەزانستی-یەکەی کاموستا قەنات لەبارەی مێژووی کوردناسی پێک دەهێنێ.

**لیستەی وتارەکان :**

١- نووسراوەکانی لیرخ لە بارەی کوردەوە. گوڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بۆ لاپەری ١٠

## چەند کورتە هەواڵێ

**کە یهانی هەوایی : ٣١ یانەمەر**

" عەلی ئەکبەری رەفسنجانی لە وتوو وێژێکدا لە گەلّ هەوالّدەری ئەلە فیزیونی تورکیادا گوتی :

" ئێمە گیرو گرفتی تورکیا تێدەگەین. ئێوەش وەک ئێمە تووشی دراوسێکی بەرە خواز و زور وێژ بوون" ئەمریکا و سوڤیەت کردوویان لەگەلّ دراوسێکانیان داد پەروەرانە نیە. ئێوەش دراوسێی مل هوڕێکێ و گیر و گرفتتان هەیە. ئێمە دەمانەوێ لە مەسەلە گشتییەکانی ناوچەدا لە گەلّ ئێوە هاو کاری بکەین. ئێمە هاو دەردین و بەرژەوەندی هاو بەشمان هە یە. "

**لە بارەی کوردستانەوە ئێمە لەو نیە تە دا نین کە لە ئێراندا خود-موختاری بدەین بە کەسی"**

سە ردە می نوێ : **دیارە حکومەتی ئیسلامی موو بە موو ئەحکامی ئیسلام ئیجرا دەکات. ئەوەندەش هە یە هەق نادرێ، دەستێندرێ.**

---

**ئێران تایمز ٣ ژوئێن**

" لە شەرێکی خوارووی رۆژ هەلاتی تورکیادا، ١٠ پارتیزانی کورد و ٣ سەربازی تورک کوژران. وەک لە ئەنقەرەوە رادەگەیێنن، شەرەکە لە نیزیک گوندی "ئورنچیک" قەومارە و رۆژێک درێژەی هەبوە. هێزەکانی تورکیا لە مانگی ئەپریلدا، بیست پارتیزانی کوردیان کوشتوە. کوردەکان لە سالی ١٩٨٤ یوە لە خوارووی رۆژ هەلاتی تورکیا بۆ خود موختاری لەگەلّ دەولەت لە شەر دان.

سەردە می نوێ : **کوردەکان لە کوردستانی تورکیا سەد سالە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی خە بات دەکەن"**

---

**رۆژنامەی " میللییەت " چاپی ئە ستە مبولّ**

" کەمالی خەرازی سەر پەرشتی ستادی تەبلیغاتی شەر گوتی :

" ئەگەر ئێران کەرکوک بگرێ، بەرژەوەندی دەولەتی تورکیا دەپارێزرێ. تورکیا نابێ لەوە نیگەران بێ کە لە کەرکوک بەرژەوەندی دەکەوێتە مەتر سیەوە.

**کەمالی خەرازی گوتی :** ئێمە وەک-کۆمەلێکی جیاواز چاو لەو کوردانە ناکەین کە لە عیراق دا دەژین. ئێمە ئەوان بە بەشێک لە تەواوییەتی عەرزی عیراق حیساب دەکەین. دەمەوێ ئەوە دوو پات کەمەوە کە ئێران پاش رووخانی سەددام لایەنگری لە پێبری پێک هاتنی ولاتێکی سەر بەخۆی کورد ناکات. "

سەر دەمی نوێ : **هەموو کەس لە بیر و سیاسەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران تێدەگات. مەگەر ئەوانە ی خۆیان فریو بدەن و یا بۆ قازانجی شەخسی چاو لەم راستی یە بنووقێنن"**

---

**کوشتاری سیاسیەکان لە ئێران دا**

وەک بلاوکراوەی: کار، ئورگانی رێکخراوەی فیدائییەکانی خەلکی ئێران(اکثریت) رادەگەیەنێ، ڕژێمی کۆنەپەرستی ئاخوندی جارێکی دیکەش دەستی بە خوێنی ئازاد-یخوازانی ئێرانی سوورکردوە. تێکوشەری بەناوبانگ **انوشیروان - لطفی** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رێکخراوی فیدائییەکانی خەلک (اکثریت)، پاش ٥ سال حەبس و ئەشکەنجەو ئازار لە بەندیخانە دا ٥ی مانگی جۆزردان لە زیندانی اوین بە دەستی جەلادەکانی ڕژێم ئیعدام کراوە.

ئیعدامی شۆرشگێری بەناوبانگ لطفی لەوانەیە سەرەتای ئیعدام کردنی گیراوە سیاسیەکانی ئێران بێ کە بە هەزاران کەس لە بەندیخانەکانی حکومەتی ئیسلامی دا زنجیرکراون و دێوزمەی مەرگ هەرەشەیان لێ دەکا.

بۆ دەربرینی نارەزایی و بێزاری لەو جینایەتە ساهدارە، ئەندامانی رێکخراوی فیدائییەکانی خەلکی ئێران (اکثریت) لە زۆربەی شارەکانی ئوروپا لە خواردن مانگرتنیان راگەیاندوە.

ئێمە لەگەلّ هەمووکەس و هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان ئەو جینایەتە مەحکوم دەکەین ✱

Serdema Nû
TRYCK: ARARAT TRYCK
XWEDI:
Dr. Cemşid Heyderî
BERPIRSYAR& REDAKTOR:
Kerîm Husamî
Postgiro: 420 4506 - 2
ISSN 0284-3412
P.O.BOX 7066
16407 KISTA
SWEDEN